عێراق 7 ی نیسانی 2022

# پێویستی و بەربەستەکانی بەردەم بەشداریی چالاکانە لەنێوان کارکتەرە مرۆییەکان و میدیا





USAID
FROM THE AMERICAN PEOPLE

Internews
Local voices. Global change.

Rooted in Trust

## ئامـانج

ئامانجی ئەم ڕاپرسییە بریتییە لە دەستنیشانکردن و تێگەیشتنی باشتر لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی ئاژانسە میدیایی و مرۆیی و تەندروستییەکان دەبنەوە کاتێک لەگەڵ یەکتریدا کاردەکەن. دەکرێت تیشک بخاتە سەر پەتای کۆڤید-١٩، بەڵام دەکرێت چوارچێوەیەکی فریاگوزاری فراوانتر بگرێتەوە کە پێویستە ئەم لایەنانە تیایدا هەماهەنگی ئەنجام بدەن بەمەبەستی ئامادەباشی و بەدەمەوەهاتنێکی چوستتری کۆمەڵگا دۆخناسکەکاندا.

## پوختـە

ئەم ڕاپۆرتە هەڵدەستێت بە خستنەڕووی ئەو چاوپێکەوتنانەی لە عێراقدا بەمەبەستی دەستنیشانکردن و تێگەیشتنی باشتری ئەو ئاستەنگانە ئەنجام دراون کە دێنە بەردەم ئاژانسەکانی بواری میدیا و تەندروستی و مرۆییەوە کاتێک لەگەڵ یەکتریدا کاردەکەن. ئێمە هەستایین بە ئەنجامدانی (١٠) چاوپێکەوتن، پێنج لەوانە لەگەڵ میدیا و ڕۆژنامەوانانا بوو لە سێ ناوچە (کەرکوک و بەغدا و سلێمانی) و (٥) چاوپێکەوتنیش لەگەڵ ئاژانسە مرۆیی و تەندروستییەکاندا بوو لە (٣) ناوچەدا (هەولێر و دهۆک). پرسیارەکانی ئەو چاوپێکەوتنانە جەختیان خستبووە سەر پەتای کۆڤید-١٩، بەڵام بەڕووی چوارچێوەیەکی فراوانتری قەیرانی فریاگوزاری و تەندروستیشی لەخۆ گرتبوو کە کارەکتەرەکان تیایاندا پێویستیان بە هەماهەنگییە بەمەبەستی ئامادەکاری و بەدەمەوەهاتنێکی چوست لە کاتی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا دۆخناسکەکاندا. چاوپێکەوتنەکان لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، لە نێوان ٢٥ ی ئادار و ٥ ی نیساندا، ئەنجامدران. ئەمانەش لەلایەن چەند تیمێکەوە لە نێوخۆی وڵاتەوە و لەڕێگەی پرۆسەیەکی شیکاریی بابەتیانەی سادەوە شیکارییان بۆ ئەنجام درا. ئەنجامە سەرەکییەکان دەریانخستووە کە کەموکوڕی لە پەیوەندی و پشتیوانی هەیە لەنێوان کارەکتەرە مرۆییەکان و ئاژانسە میدیاییەکاندا و زانیاری هەڵە بڵاو دەبنەوە بەبێ ئەوەی پێداچوونەوەیەکی گونجاویان بۆ بکرێت. هەروەها ئاژانسە میدیاییەکان ئەولەویەتی جیاوازیان هەیە بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی کاری مرۆیی دەکەن. پێشنیارە سەرەکییەکان دروستکردنی هێڵێکی گونجاوی پەیوەندی و دابینکردنی ڕاهێنان بۆ چالاکوانانی بواری مرۆیی و ئاژانسە میدیاییەکان لەخۆ دەگرن.



## پێشـەکـی

Rooted in Trust 2.0 (RiT) پرۆگرامێکی جیهانی دەربارەی بەدەمەوەهاتنی پەتای جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێژە زۆر و خێرا بێوینەیەی بڵاوبوونەوەی پرۆپاگەندە و زانیاری هەڵە کە لەلایەن نووسینگەی هاریکاری مرۆیی سەر بە دامەزراوەی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی کۆمەککراوە. بەبەردەستبوونی زیاتری زانیاری دروستتر و باوەڕپێکراوتر، خێزان و تاکەکانی نیو کۆمەڵگا بەئامانجگیراوەکان دەتوانن لەڕێی پشتبەستن بە زانیارییەوە بڕیاری دروستتر بدەن لەبارەی تەندروستییانەوە.

لەسەروبەندی نادڵنیایی و کەمی سەرچاوەی نیشتیمانی و نێوخۆیی بەردەستدا، ڕۆژنامەوانان بەشوێن ڕێنوێنیدا دەگەڕێن لە دامەزراوە تەندروستییەکاندا، کە زۆرجار نەیتوانییەوە لەگەڵ ڕاستی و زمانە نێوخۆییەکاندا خۆیان بگونجێنن. میدیا، بەتایبەتی ڕێکخراوە میدیاییەکانی کۆمەڵگا، لەبەر نەبوونی شارەزایان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و ئەو زانیارییە هەڵانەی لە سەکۆ ئۆنلاین و ئۆفلاینەکاندا بڵاو دەبنەوە، ناتوانن بەپێی پێویست جیاوازی لە نێوان زانیارییە ڕاست و هەڵەکاندا بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش، ئینتەرنیوز هەستا بە خستنەگەڕی بەدەمەوەهاتنێکی جیهانی بۆ زانیاری هەڵە لە زیاتر لە ١٠ وڵاتدا، لە نێویاندا عێراق، سەرنجی خستە سەر بەهێزکردنی توانای بەدەمەوەهاتنی میدیا بۆ ئەم پەتایە. ئامانجی (RiT) بریتییە لە هاریکاریکردن لە دەستخستنی سیستەمێکی زانیاری تەندروست بۆ بنیاتانی متمانە بە پێکوتەی کۆڤید-١٩ و بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە لەلایەن تەندروستی گشتییەوە.

لە ئێستادا عێراق ١٤١ ڕێکخراوی هاریکاری مرۆیی لەخۆ دەگرێت. لەو ژمارەیەش ٥٧ ڕێکخراوی ناحکومی نیشتیمانی و ٥٩ ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی و ٢٥ ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشانی تر هەن. زۆربەی ئەم ڕێکخراوە ناحکومییانە لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای نەینەوادا بوونیان هەیە لەکاتێکدا ڕێکخراوی ناحکومی کەمتر لە باشووری عێراقدا هەن. نەینەوا زۆرترین زیانی بەرکەوت لەلایەن هێرشەکانی داعشەوە و هەرێمی کوردستانیش زۆرترین ژمارەی ئاوارە نێوخۆییەکانی لەخۆگرت.

پاش پەتای کۆڤید-١٩، زۆرێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان سەرنجی کارەکانیان خستە سەر بەدەمەوەهاتنی ئەو پەتایە، بەتایبەتی لەڕێی پەروەردە و پشتیوانیکردنی وەزارەتی تەندروستییەوە. هەروەها ئاژانسە میدیاییە سەرەکییەکانیش سەرنجیان زیاتر خستبووە سەر پەتاکە و بەرزکردنەوەی هۆشیاری. هیچ پەیوەندی و هەماهەنگییەک لەنێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئاژانسە میدیاییەکان (ئەوانەی بەردەوام هەماهەنگیان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا هەیە) نییە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە سەکۆکانی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری بەکاردەهێنن.

گرینگی ئەم ڕاپرسییە لەوەدایە یارمەتیمان دەدات لە پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئاژانسەکانی میدیا تێبگەین و بۆشاییە سەرەکییەکانی تێگەیشتن دەردەخات یارمەتیدەر دەبێت لەوەی چۆن بتوانین ئەو پەیوەندییە باشتر بکەین.

## میتـــۆد

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم ڕاپرسییە، ١٠ چاوپێکەوتن لەگەڵ کارەکتەرە مرۆییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە عێراقدا ئەنجام دراون بەم شێوەیەی خوارەوە:

پێنج چاوپێکەوتن لەگەڵ کارەکتەرە مرۆییەکان لە هەولێر و دهۆک ئەنجام دران لە ڕێگەی ناردنی ڕاپرسییەکە لەڕێگەی ئیمەیڵەوە (پێشتریش ڕێنمایی تەواویان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە پێدرابوو). ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەش لەسەر بنەمای جۆری چالاکییەکانیان و پەیوەندییان لەگەڵ دەزگا میدیاییەکاندا لەبەدەمەوەهاتنی پەتای کۆڤید-١٩دا. پرسیارەکان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان نێردراو لە لایەن کەسانی دەستنیشانکراوەوە لەهەریەکێک لەو ڕێکخراوانەدا پڕکرانەوە و لەڕێگەی ئیمەڵەوە نێردرانەوە.

دەزگا ڕاگەیاندنەکان لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی هەمەچەشنی پاشخانی نەژادی و جیاوازی سیاسی و ئەزموونیان لە کارکردندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاژانسە مرۆیی یان تەندروستییەکاندا. چاوپێکەوتنەکان ٥٠ تا ٧٥ خولەکیان خایاند. دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ دەزگا میدیاییەکاندا بەشێوەیەی ڕووبەڕوو و سێ چاوپێکەوتنیش لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجام دران. چاوپێکەوتنەکان لەڕێگەی تۆماری دەنگییەوە تۆمارکراون و نووسراونەتەوە و لەمیانی چاوپێکەوتنەکاندا تێبینیش نووسراونەتەوە.

## ئەنجامەکان

بەبەکارهێنانی تێبینی و نووسراوەکان، داتاکان بەشێوەیەکی بابەتیانە کۆدیان بۆ دانرا و شیکارکران؛ بەشێوەیەکی گشتی ٣ بابەتی سەرەکی لە نێو سەرانسەری چاوپێکەوتنەکاندا دەستنیشان کران. ئەم بابەتانە دەستنیشان کران: (١) کەمی پشتیوانی (٢) ئاستەنگی پەیوەندی (٣) زانیاری هەڵە.

## ئەو بەربەست و کەلێنە سەرەکییانەی ڕووبەڕووی ڕێکخراوە مرۆیی و تەندروستییەکان دەبنەوە:

### ئەنجامی ١ | کەمی پشتیوانی

گەلێک بەربەست هەن کارەکتەرە مرۆییەکان لە کارکردن لەگەڵ دەزگا میدیاییەکاندا سارد دەکەنەوە. گشت بەشداربووان ئاماژەیان بە کۆمەڵێک بەربەستی سەرەکی کرد کە دێنە بەردەم کارەکتەرە مرۆییەکان و ڕەنگە وایان لێ بکات لە کارکردن لەگەڵ دەزگا میدیاییەکان و ڕۆژنامەوانان ساردببنەوە. یەکێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان گوتی: "هیچ پشتیوانییەک لەلایەن دەزگا میدیاییەکان و ڕۆژنامەوانانەوە نییە بۆ بەرنامە و پرۆژەکان کە مایەی باسکردن بێت. ئەو پشتیوانیەش ئەگەر هەبێت لە پاش چەندین داواکاری یەک لە دوای یەکی ئێمە هاتووە بۆ میدیا و وەک بەشێک لە بابەتی میدیایی دیاریکراو بۆ چالاکییەکانیان بووە"

سەرەڕای کەمی پشتیوانی هێشتا هیچ دەستپێشخەرییەک نەبووە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە هەنووکەییەکان و یەکێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەم شێوەیە گوزارشتی لەو بارەیەوە کرد " دەزگا میدیاییەکان هیچ دەستپێشخەرییەک ناکەن بۆ شکاندنی بەربەستەکان و بەردەست نەبوون و پێشینەدان بە ئەجێندای میدیایی یان ئەجێندای سیاسی و لایەنگیری و بەربەرستە کولتوورییەکانی دەزگا میدیاییەکە."

### ئەنجامی ٢ | ئاستەنگەکانی پەیوەندیکردن

کەموکورییەک لە گواستنەوەی زانیاری و داتا لە دەزگا میدیاییەکانەوە بۆ کاراکتەرە مرۆییەکان هەیە، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی تێگەیشتنێکی ڕوون و کارکردن بۆ گفتوگرکردن و گواستنەوەی زانیارییەکان.

کارەکتەرە مرۆییەکان جەخت دەکەنەوە کە ئاژانسە میدیاییەکان هیچ دەستپێشخەرییەک ناکەن بۆ نزیکبوونەوە لە کارەکتەرە مرۆییەکان و پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوانیشیان لەڕێگەی دامەزراوە حکومییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. نوێنەری یەکێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان گوتی: "پرسی بەدەمەوەچوون ڕێژەییە و بەندە بە چەند فاکتەرێکەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، کەموکوڕی لە پەیوەندی پێویست هەیە لەنێوان هەردوو لایەندا و لەگەڵیدا هۆشیاری میدیایی لەبارەی گرینگی بابەتە تەندروستییەکان سنووردارە بەتایبەتی لەسەروبەندی پەتاکەدا."

> کەمی زانیاری هەیە لەکاتی قەیرانە تەندروستییەکاندا، چونکە لە هەمان کاتدا دەزگا میدیاییەکان سەرنج دەخەنە سەر ئەجێندای جیاواز.
>
> نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

### ئەنجامی ٣ | میدیا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە لە نێو کۆمەڵگا دۆخناسکەکاندا

زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە تیشکیان خستووەتە سەر ڕۆڵە نەرێنییەکەی دەزگا میدیاییەکان لەبارەی کۆڤید-١٩وە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و دەنگۆ لەنێو کۆمەڵگادا و بەتایبەتی لەنێو ئەو کەسانەی ئاستی ڕۆشنبیرییان نزمە. هەندێک دەزگای میدیایی ڕۆڵێکی نەرێنییان لە دروستکردنی قەیراندا گێڕا لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و ڕەنگە هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ کەمی زانیاری متمانەپێکراو یان هەندێک لە دەزگا میدیاییەکان پێویستیان بەوە هەبووە خوێنەر و بینەر و بیسەری زیاتریان هەبێت لەسەر لاپەرەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕەکانیان کە وایلێکردوون چەند بابەتێک بە بێ بەڵگە یان سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بڵاو بکەنەوە. نوێنەری یەکێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان گوتی: "دەزگا میدیاییەکان لەسەرەتادا زیادەڕەوییان لە دۆخی پەتای کۆڤید-١٩ دا کرد" هەروەها، ڕەنگە کەمی ڕۆژنامەوانی پسپۆڕ هۆیەکی تر بێت لەپشت بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە. کارەکتەرێکی بواری مرۆیی گوتی "عێراق ڕووبەڕووی کەلێنێکی گەورەی نەبوونی ڕۆژنامەوانی تەندروستی و میدیای تەندروستی بووەتەوە"

ئەنجام: میدیا و ڕۆژنامەنووسان لەکاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە تەندروستی و مرۆییەکان لەسەروبەندی پەتای کۆڤید-١٩ و دۆخە لەناکاوەکانی تردا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کەموکوڕی دەبنەوە.

> زۆرێک لە سەکۆ میدیاییەکان کاریگەری نەرێنییان بەسەر قەیرانەکانی کۆڤید-١٩وە هەبووە و ئەمەش ئەرکی تیمەی ئەوەندەی تر قورس کردووە
>
> ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی - عێراق

**ئەنجام**

میدیا و ڕۆژنامەنووسان لەکاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە تەندروستی و مرۆییەکان لەسەروبەندی پەتای کۆڤید-١٩ و دۆخە لەناکاوەکانی تردا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کەموکوڕی دەبنەوە.

## ئەو بەربەست و کەموکوڕییە سەرەکییانەی ڕووبەڕووی دەزگا میدیاییەکان و ڕۆژنامەوانان دەبنەوە:

### ئەنجامی ١ | بەربەست لەبەردەم گەیشتن بە زانیاری

زۆربەی چاوپێکەوتنەکان ئەزموونی نایەکسان لە دەستکەوتنی زانیاری و گەیشتن بە زانیاری لە لایەن هەندێک لە کارەکتەرە مرۆیی و تەندروستییەکانەوە بۆ هەندێک لە دەزگا میدیاییەکان و ڕۆژنامەوانان دەردەخەن ، بەتایبەتی ئەو میدیایانەی لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقییەوە خاوەندارێتی ناکرێن.

جیاکاری و خزمخزمێنە لە هەردوو کەرتی مرۆیی و تەندروستیدا بەزەقی دەردەکەون، کە دەکرێت ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی زانیاریی لایەنگرانە کە دەکرێت بۆ پشتیوانیکردنی ئەجێندا سیاسییەکە بەکاربێت نەک پاراستنی خەڵکی لە پەتاکە.

دەزگایەکی ڕاگەیاندن گوتی:

"پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان هانی ئەو خەڵکانەی خۆیان دەدەن کە کار بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان دەکەن بۆئەوەی هیچ زانیارییەکمان پێ نەدەن."

### ئەنجامی ٢ | کەمی پەیوەندی

لاوازی و تەنانەت نەبوونی پەیوەندی لە مرۆڤدۆستانەوە چەند جارێک لە لایەن ئەو دەزگا میدیاییانەوە تیشکی خراوەتە سەر کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە. بەگوێرەی گوتەی دەزگا میدیاییەکان، بەردەوام لەڕێگەی ئامادەبوون لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکانی کارەکتەرە مرۆییەکاندا هەوڵی بەشداریکردن دەدەن لەگەڵ کەرتی مرۆیی و تەندروستیدا. تەنانەت "ئەگەر قەدەغەش نەکرابن"، ڕووبەڕووی ئاخاوتن و پەیوەندییەکی بێ ئەنجام و داخراو دەبنەوە. نەبوونی پەیوەندی دەبێتە هۆی سستی لە پێدانی زانیاریدا و دەکرێت ئەمەش ڕەنگدانەوە و لەدەستدانی دەرفەت و خراپ بەکارهێنانی پەیوەندییە پیشەگەرییەکان لەسەروبەندی پەتاکاندا دەخوڵقێنێت.

دەزگایەکی ڕاگەیاندن گوتی:

"پەیوەندی لاوازە و کەرتە تەندروستی و مرۆییەکان وەڵامی پەیوەندییەکانمان نادەنەوە."

**ئەنجامی ٣ | کەمی پشتیوانی لە لایەن کەرتە مرۆییەکانەوە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی زانیاری هەڵە لەبارەی کۆڤید-١٩ەوە**

دەزگایەکی ڕاگەیاندن گوتی: گشت ئەو دەزگا میدیاییانەی بەشدارییان لەم ڕاپرسییەدا کردووە ئاشکرایان کرد هیچ پشتیوانییەک لەلایەن کەرتە مرۆییەکانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی زانیاریی هەڵە لەبارەی کۆڤید-١٩ەوە نییە لەکاتێکدا خەڵکی بەردەوام خەریکی کۆکردنەوەی زانیارین لەڕێگەی ئەو زانیارییە هەڵانەی لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاو بوونەتەوە و تێکەڵی کۆمەڵایەتی و هەندێکجار لە ڕێگەی بۆچوونی خەیاڵییەوە لەبارەی شێوازی نەخۆشییەکە لە هزری ئەواندا.

دەزگایەکی ڕاگەیاندن گوتی:

"تەنها هەندێک پزیشک هاریکاریان کردین لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی هەڵەدا و تەنانەت یەک کارەکتەری مرۆییش هاوکارمان نەبوو."

## کــۆتــایــی

ئامانجی ئەم ڕاپرسییە جۆرییە بریتیبوو لە دەستنیشانکردن و باشتر تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان میدیا و کارەکتەرە مرۆییەکان لە بواری پەتای کۆڤید-١٩ و بەشێوەیەکی فراوانتر لە قەیرانە ناوخۆییە تەندروستییەکان و دۆخە فریاگوزارییەکان بەشێوەیەکی گشتی. ئەو ئەنجامەی لەمیانی چاوپێکەوتنەکانەوە لە عێراق ئەنجامماندراون دەریدەخەن کە بەربەستێکی زۆر بۆ پەیوەندییەکی بەرهەمدار لە نێو ئەو کۆمەڵانەدا هەن و لەگەڵیدا کەمی پەیوەندی و زانیاریی هەڵە و کەمی پشتیوانیش هەن. ئەمە دەرئەنجامی چەندین فاکتەرن لەنێویاندا نەبوونی ئاژانسی میدیایی پسپۆڕ لە بواری تەندروستی و هۆشیارکردنەوە و کەمی ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەوانان لەبارەی بابەتە تەندروستییەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری گومانلێکراو و ئەو ئاژانسە میدیاییانەی ئەولەویەتی جیاوازیان هەیە و بەهەڵەتێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەوانی تر.

## پێشـنـیـارەکــان

- پەرەپێدانی ڕۆژنامەوانی تەندروستی لە میدیا سەرەکییەکاندا لەڕێگەی ڕاهێنانەوە.
- پەرەپێدانی ڕۆژنامەوانی تەندروستی بەشێوەیەکی گشتی و سەرنج خستنە سەر پەتاکان لە میدیا سەرەکییەکاندا لەڕێگەی پێدانی ڕاهێنان بە ڕۆژنامەوانان و دەزگا میدیاییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە میدیاییەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی.
- دیاریکردنی قۆناغەکانی بنیاتنانی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و هەماهەنگی باشتر لەنێوان هەردوولادا.
- دیارکردنی قۆناغەکانی بنیاتنانی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و هەماهەنگی باشتر لەنێوان هەردوو لادا لەڕێگەی هاندانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان لە ناوچە جیاجیاکاندا بەمەبەستی هەماهەنگیکردنی زیاتر و ئەنجامدانی کۆنفرانسی میدیایی و کۆبوونەوەی پەیوەندیدار بە بابەتە تەندروستییەکان. هەروەها ئەمە هانی دەزگا میدیاییەکان دەدات زانیاری لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ترەوە وەربگرن.
- دەرفەتی یەکسان و دادپەروەری لە دەستگەیشتن بە زانیارییەکان لەلایەن ڕۆژنامەوانان و دەزگا میدیاییەکانەوە. پەیوەندییەکی یەکسان کاتێک هەر چالاکییەک لەبارەی کێشەیەکی تەندروستییەوە ئەنجام دەدرێت و لەگەڵیدا زانیاری لەبارەی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی چەواشەکارییەوە بڵاو بکرێتەوە و ئاڵوگۆڕ بکرێت.
- پێویستە میدیا و چالاکوانانی بواری مرۆیی کار بۆ فراوانکردنی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و بەرەوپێشبردنی توانا پەیوەندیدارەکان بدەن. پێویستە هەریەکێک لە لایەنەکان هەڵسەنگاندن بۆ تواناکانی پەیوەندیکردنی خۆی بکات بەمەبەستی پەرەپێدانی توانا و کارامەیی بەشێوەیەک لە لاوازییەکان تێبگەن و خاڵێکی هاوبەش دەستنیشان بکەن بەمەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان هەردوولا.
- پێدانی زانیاری نوێ بە هەمووان بەشێوەیەکی بەردەوام لەبارەی هەر کێشەیەکی تەندروستی و نەخۆشی و پەتایەکی چاوەڕوانکراوەوە.
- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوە میدیاییەکاندا لەبارەی کێشە تەندروستییەکان و بەپێچەوانەوە. پێویستە هەردوو لایەن خولی ڕاهێنان بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان و کارگوزارانی تەندروستی و دامەزراوە میدیاییەکان و ڕۆژنامەوانانی بواری تەندروستی بکەنەوە لەبارەی تێگەیشتن لە کاری یەکتر لەسەر پەتا و کێشە تەندروستییەکان.

## بـۆ دەزگـا میـدیـاییـەکـــان

- پەرەپێدانی ڕۆژنامەوانی تەندروستی بەشێوەیەکی گشتی و سەرنج خستنە سەر پەتاکان لە میدیا سەرەکییەکاندا لەڕێگەی پێدانی ڕاهێنان بە ڕۆژنامەوانان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا میدیاییەکان و کارگوزارانی بواری تەندروستی.
- داڕشتنی ستراتیژیەتی دروستکردنی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و هەماهەنگی باشتر لەگەل گروپە مرۆیی و تەندروستییەکاندا بەمەبەستی بەدەستگەیشتنی دوایین زانیاری و داتای تایبەتمەند بە کێشە تەندروستییەکان لە ولاّتدا.
- پشتبەستن بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و وەزارەتی تەندروستی و سەرچاوە متمانەپێکراوەکان وەک سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ دەستکەوتن و پشکنینی ڕاستی و دروستی زانیارییەکان.
- داڕشتنی ستراتیژیەتی هەماهەنگیکردن لەگەڵ کارەکتەرانی مرۆیی و تەندروستیدا بەمەبەستی تێگەیشتن لە ئاستەنگەکانی پەیوەندیکردن و میتۆدەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوانیاندا و دەکرێت ئەمەش لەڕێگەی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی ئاڵوگۆڕی زانیارییەوە بێت لەنێوان هەردوو لایەندا و مانگانە یان ساڵانە دوو جار کۆبوونەوە ڕێکبخەن.

## بۆ کارەکتەرانی بواری مرۆیی و تەندروستی

- دابینکردنی دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانەی دەستگەیشتن بە زانیاری بۆ ڕۆژنامەوانان و دەزگا میدیاییەکان. پەیوەندیکردن لەگەڵ دەزگا میدیاییەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان کاتێک هەر چالاکییەک لەبارەی کێشەی تەندروستییەوە ئەنجام دەدرێت لەگەڵ بڵاوکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەبارەی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەواشەکاری بەیەکەوە.
- فراوانکردنی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ دەزگا میدیاییەکان و بەرزکردنەوەی ئەو توانستە پەیوەندیدارەکان. پێویستە کارەکتەرانی بواری مرۆیی و میدیایی هەڵسەنگاندن بۆ توانستەکانی پەیوەندیکردنیان بکەن بەمەبەستی پەرەپێدانی توانا و بەهرەی بنەماکراو لەسەر تێگەیشتن لە لاوازییەکان و دروستکردنی خاڵێکی پەیوەندی بۆ باشترکردنی پەیوەنییان لەگەل دامەزراوە میدیاییەکاندا.
- پێدانی زانیاری نوێ بە هەمووان بەشێوەیەکی بەردەوام لەبارەی هەر کێشەیەکی تەندروستی و نەخۆشی و پەتایەکی چاوەڕوانکراوەوە. ئەمەش ئاسانکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەواشەکاری دەکات.
- ڕێکخستنی سیمینار/ خولی ڕاهێنان بۆ دەزگا میدیاییەکان و ڕۆژنامەوانانی بواری تەندروستی لەبارەی چۆنیەتی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە و چەواشەکاری پەیوەندیدار بە کێشە تەندروستییەکانەوە.

## پەیوەندی


بەڕێوەبەری پرۆژە

سـارا سۆفیوان

ssofiwan@internews.org


بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پرۆژەکە تکایە سەردانی ئەم لینکانەی خوارەوە بکە

Iraq – Rooted In Trust

Internews In Iraq (Facebook Page)

USAID FROM THE AMERICAN PEOPLE — Internews Local voices. Global change. — Rooted in Trust